لافرۆڤ: پێویستە مافەکانی کورد لە عێراق و سوریاو تورکیا و ئێران پارێزراوبن

وەزیری دەرەوەی روسیا رایدەگەیەنێت: پێویستە مافەکانی کورد لە عێراق، سوریا، تورکیا و ئێران پارێزراوبن، بەتایبەت تورکیا و ئێران ڕێگری لە بەدەستهێنانی ئەو مافە دەکەن.

ئەمە سەشەممە و لە کۆنگرێیەکی ڕۆژنامەوانیدا سەرگی لافرۆڤ، وەزیری دەرەوەی روسیا ڕایگەیاند: پێویستە مافەکانی کورد لە هەر چوار وڵاتی سوریا، عێراق، تورکیا و ئێران مسۆگەر بکرێن.

وتیشی: لەگەڵ کوردەکانی سوریا لەسەر دامەزراندنی حکومەتێکی ناوەندی گفتوگۆیان کردوە، بەتایبەت ئەوان دەیانەوێت؛ "ئەمریکا بەبێ پێداون کە هاوکارییان بکات".

وەزیری دەرەوەی روسیا ئاماژەی بە ئەوەشکردوە، بە کوردەکانی ڕۆژئاوایان ڕاگەیاندوە کە وڵاتانی ئێران و تورکیا ڕێگری دەکەن لەوەی کە حکومەتێکی تایبەت بە کوردەکان لە ڕۆژئاوای کوردستان دابمەزرێت.

سەرگی لافرۆڤ، ڕاشیگەیاندوە: یەکێك لە ئەو هەکارە سەرکیانەی روخانی بەشار ئەسەد، بە ڕازینەبونیی بەدانیشتن لەگەڵ ئۆپۆزسیۆنی سوریا و بەشداریپێکردنیان لە دەسەڵات و حکومەتانی دەگەڵیاندا.